
ئێران مانگی دەستکردی فەخر-1 بۆ بۆشایی ئاسمان هەڵدا



ئێران ئەمڕۆ هەینی هەڵدانی مانگی دەستکردی "فەخر-1"ـی بۆ بۆشایی ئاسمان بە بەکارهێنانی هەڵگری مانگی دەستکردی سیمرگ ڕاگەیاند.

بەگوێرەی هەواڵەکی ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران، مانگی دەستکردی ناسراو بە "فەخر-1" لە خولگەی 410 کیلۆمەتریدا دانراوە و ئەم مانگە دەستکردە یەکەم سیگنالی بە وەستگە زەمینیەکان ناردووە.

مووشەکی هەڵگری مانگی دەستکردی سیمرگ، تاکە مووشەکی ئاسمانی ئێرانییە کە پێڕەوی پێدراوە بۆ هەڵگرتنی ئەم جۆرە مانگە دەستکردانە بۆ خولگەی LEO بەدووری زۆری و کێشکەی 80 تەنێ و لە قۆناغی یەکەمدا 105 چرکە و لە قۆناغی دووەمدا 340 چرکە دەسووتێوە و خێرایەکەی لەکاتی تێکردنی مانگی دەستکرد و مووشەک بە خولگەی زۆری 7754 مەتر لە چرکەیەکدایە.